# رژێمی سوریا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو پەندە عەرەبیە دەرنەچووە کە دەڵێ: پاش بێدەنگییەکی زۆر شەکەری شکاند!



د. جەواد مەلا *

لە بابەتەکەی وتاری سەرکۆماری سوریا بەشار ئەسەد کە رۆژی ٢٠٠٧/٧/١٧ لەبەردەم پەرلەمانەکەیدا پێشکەشی کرد وا دەردەکەوێ کە ئەوانەی وتارەکەیان نووسیوەو پاکانەیان بۆ ئەو هەموو هەڵەو تاوانانە کردوە کە دەرهەقی گەلی سوریا بە عەرەبو کوردەوە کراون، هەر هەمان کەسانێکن کە نەخشەیان بۆ بەرپاکردنی ئەو هەڵەو تاوانانە کێشاوە. بۆیە تاوانەکانیان بەوشەی داڕێژراوو جوانکراوی هەندێك کتێبی وێژەیی رازاندوەتەوە، بۆیێش لەهیچ برگەکانیدا شتی دژ بە یەکدی نابینرێت بەڵکو مرۆڤ لەهەر رستەیێکیدا زۆربلێییێکی زۆرو باسکردنی شتی وا دەبینێت کە نە بە رستەکانی پێش و نە ئەوانەی پاشەوە پەیوەندیان نییەو وەك حەوت موعەلقەییێکی بەعسیانەی زەمانی عەولەمە دێتە بەرچاوو زۆر لەوتارێکی ئەبو موسەیلەمەی کەزاب دەچێت.

وتارەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: (هەستی سوپاس و ملکەچی بەرامبەر بە نیشتمانێکی مەزن و گەلێکی سەربەرز، بەرامبەر بە خێزانە گەورەکەی سوریام کە منیان پێچاوەتەوە بەلێشاوی هەست و نەستی پاك و لەکاتی نارەحەتیدا هێزو گوڕیان پێ بەخشیوم).

ئەم وتانە لە سەتا سەت راستن چونکە بەڕێز بەشار لاوێکە لە ئەوروپا خوێندویەتی و ئەتیکێت دەزانێت بۆیە سوپاسی خۆی ئاراستەی گەلی سوریا دەکات و بەخێزانی خۆی لەقەڵەمی دەدات، ئەو گەلە برسیەی کە شەوو رۆژ کار دەکات بۆ دابینکردنی نانی ئەشقەمەی خۆی و هەموو کاربەدەستانی دەوڵەتیش ناچارن کە ئیشێکی دیکەی پاش نیوەڕوان یان ئێواران بدۆزنەوەو چەندین دادوەرو سەرۆك دایەرەو مامۆستا پاش دەوامی خۆیان دەبینرێن کە ئۆتۆمبیلێکی هۆندا (پیکابێکی بچووك) لێدەخوڕن، واتە وەك حەماڵێك کار دەکەن لەبەر ئەوەی کە مووچەکەیان بەشی بژێوی خێزانەکەیان ناکات چونکە زۆربەی ئەو مەعاشە بۆ کاری سەربازی و هەندێك شتی سەرەتایی دیکە دەڕوات کە هەمووی درۆو دەلەسەیەو گاڵتەکردنە بەم گەلە داماوە، چونکە ئەو دابڕینە لە مەعاشەکەیان بۆ ئەو شتانە نییە بەڵکو یەکسەر دەچێتە گیرفانی لێپرسراوانی حیزبی بەعس کە سوریا بە موڵکێکی خۆیان دادەنێن وەك لە باوو باپیرانیان بۆیان مابێتەوە وایە.

لەشوێنێکی دیدا دەڵێت:

ئەو هەستی خۆشەویستیەی کە دەرتان بڕی.. بەبۆنەی رفراندۆم بۆ سەرۆکایەتییێکی دەستووری نوێ و ئەو نواندنەی پشتگیریتان کە لەچالاکی و کارە جەماوەریەکانتاندا لەقوتابخانەو زانکۆکان.. لەگوندەکان و شارەکان.. لەگەڕەك و دامەزراوەکاندا...

من دڵنیام کە رژێمی سوریا هەرگیز مێژووی نەخوێندووەتەوەو نەیدیوە کە ملیۆنەها پشتگیرانی دیکتاتۆریەتە جۆربەجۆرەکانی جیهان کاتێ کە رووخان ئەو هەموو ملیۆنە پشتگیرانە بە نەعل لێیان دەدەن، لەیادمانە وێنەی پشتگیرەکانی سەددام حوسێن کە چۆن دواهەمین جار کە سەددام لەسەر تەلەڤزیۆن دەرکەوت چۆن دەورەیان دابوو کە هەمان ملیۆنەها بوون لەجیاتی سەماکردن بەدەوری خۆیدا پاش چەند هەفتەیێك بەسەر پەیکەرە شکاوەکانییەوە سەمایان دەکرد. باوەڕیش ناکەم ئەو یەکێتیە نیشتمانییەی کە دەوڵەتی سوریاو بەڕێز بەشار بە پتەوو نەشکێنراوی دادەنێ لەیەکێتی نیشتمانی ئەڵمانیای هیتلەرو عێراقی سەددام بەهێزتربێت. ئەگەر هیتلەر دەستدرێژی نەکردایە بۆ سەر ئەوروپا یا سەددام حوسێن ملیۆنەها ئێرانی و کوێتی و بەقەد ئەوەش عێراقی لە عەرەب و لە کورد نەکوشتایە، ئایا ئەڵمانیا وەها پارچە پارچە دەکرا یان هەروا عێراق بەرەو دابەشبوونی شیعەو سوننەو کورد دەچوو. رژێمی سوریاش بەکردەوە کار بۆ دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی سوریا دەکات و وتارەکەی پەرلەمان دەڵێ گوایا رژێم باوەشی کردووەتەوە بۆ پرۆژەی یەك نەتەوەو دژی هەموو پرۆژەیێکی دابەشکاری و پارچە پارچە کردنە، لەراستیشدا رژێمی سوریا بە رامیاریە گەوج و چەوتەکانی خۆی پواز دەخاتە تابووتی پرۆژەی یەك نەتەوەیی و پشتگیری پرۆژەکانی دابەشکاری و پارچە پارچەبوون دەکات هەروەك چۆن سەددام حوسێن و هیتلەرو دیکتاتۆرەکانی دی هەمان کاریان دەکرد.

لەشوێنێکی دیدا دەڵێ:

بۆ ئەوەی هەڵوێستەکان وا بن.. پێویستە لە گەلەوە هەڵقوڵێن.. لەبیرو ئامانجەکانییەوە.. لەبیرو باوەڕو نەریتەوە.. پێویستە خەم و پەژارەو بەرژەوەندیەکانی دەربڕێت... ئەمەش بەستراوە بە خوێندنەوەیێکی راستی ئەم گەلە چونکە سەرکەوتن هەر لەو خوێندنەوەیەدایە... منیش هەمیشە تامەزرۆی رێزی گەلم...

بەڵێ، دیارە گەلی سوریا بە عەرەب و کوردو هەموو بەشە رەگەزی و ئاینییەکانییەوە خوێندراوەتەوە ئەویش بە هەژارکردنی و پاڵنانی بۆ راکردن هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە بۆ پارووی بژێوی خۆی کە تێکەڵی خوێن و فرمێسکەو لەسەردا دەوەستێت تاکو نان یان شەکر یان برنج و شتومەکی دی بکڕێت. هەروەها رێزیش لە گەل گیراوە!! کام رێز لە سوریادا ماوە، کاتێ برا لەبرای خۆی دەترسێ و دراوسێ دراوسێکەی دەخاتە ژێر چاودێری تاکو پارچە نانێك بۆ خێزانەکەی پەیدا بکات، برسیەتیش وەك کوفر وایە، وەك ئیمامی عەلی وتویەتی، ئایە رێز ئەوەیە کە گەل بترسێنیت و برسی بکەیت وای لێ بکەیت کە بەملشۆڕی بەپاڵ دیوارەکاندا بڕوا، راستە ئەو ملشۆڕیە بە رووکەشی لە رێزگرتن دەچێت، وادیارە کە وتارەکەش مەبەستی ئەمە بووە.

لەشوێنێکی دیدا باسی زیادکردنی مەعاشی فەرمانبەران دەکات:

کاتێکیش کە پارەی بەردەوام نەبوو.. دەچووین چمکێك پارەمان بۆ یەك جار بەبۆنەو بێبۆنە پێشکەش دەکرد.. تاکو کۆمەکی هاونیشتمانیانی دەستکورت بکەین هەرچەندە کۆمەکێکی کەمیش بوایە.. بەتایبەتی ئەگەر لەو بۆنانەدا کە پێویستیان بە خەرجی هەیە وەك جەژنەکان یان سەرەتای ساڵی خوێندن...

بەڕێز بەشار رژێمی بەعس بەخێرخوازێکی گەورە لەقەڵەم دەدات کە دیاری و بەخششی داوە بە گەلی سوریا بەشێوەیێکی سووك و رسوا دەڵێی لەگیرفانی خۆی دەریدێنێ، لەکاتێکدا کە هەموو لێپرسراوەکانی سەرکردایەتی بەعس و ئۆرگانەکانی موخابەرات لە سوریادا باسیان لەملیۆندا نەماوەو ئێستا بە ملیارو ملیارە دۆلار دەدوێن (کە لەبنەڕەتدا هەمووی پارەی دزراوی گەلی سوریان) کە ئەوان کۆی دەکەنەوە لەبانکەکاندا لەژێر ناوی درۆو لیژنەی نووستوودا –ئەویش بەپێی پرینسیپەکانی بەعس لە سۆشیالیزم کە تەنیا لەیەك لایەنەوە جێبەجێی دەکەن ئەویش بەشداریکردنە لەپارووی رۆژانەو مانگانەی گەلداو تاڵانکردنی سامانەکانی نیشتمان!!! تاکو ئەگەر گەلی سوریا خەبەری بووەوەو دەریکردن ئەوەندە پاشەکەوتیان هەبێت کە شوێنێکی دی وەك سوریا بکەنە کێڵگەی خۆیان. ئەوان منەت بەسەر گەلی سوریادا دەکەن کە مانگانەی فەرمانبەریان چەند هەزار لیرەیێك زیاد کردووە کە هەر دەگاتە گیرفانیان بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك قووتی دەدات، بۆ نموونە ئەندازیار لە سوریادا کە بەرزترین مانگانەی هەیە مانگی ٤٠٠٠ لیرەی سوری وەردەگرێت لەکاتێکدا کە کرێی مانگانەی ئەپارتمێنتێکی ساکار لە ٨٠٠٠ لیرەی سوری زیاترە واتە کرێخانوو دوو هێندەی مانگانەکەیەتی. ئا لەو کەساسیەدا مرۆڤی سوری دەژی کە رژێم بە رێزی ناو دەبات!!

بەپێی نرخی شتومەك و کرێ لە سوریادا فەرمانبەران نەك هەر شیاوی زیادکردنی چەند هەزار لیرەیێکن بەڵکو پێویستە دەقاتی مانگانەکەیان بدرێتێ بەڵام ئەو پارە کەمەی لەبەر دوو هۆ دەدرێتێ: تاکو ناچار بێ ئیشێکی ئێوارانی زیادە بدۆزێتەوەو کاتێ کە شەوان دەچێتەوە ماڵەوە ئەوەندە ماندوو بێ کە نەتوانێ لەگەڵ کەسدا کۆبێتەوەو باسی ژیانی تاڵی خۆی و زۆربەی گەلی سوریا بکات و هۆی دووەمیش کە گرنگترە ئەوەیە کە جیاوازی مانگانەکە بچێتە گیرفانی لێپرسراوانەوە واتە پاسەوانەکان خۆیان دزن. تاکو دزیەکانیشیان ئاشکرا نەبێت ئەوان تۆمەتی دزی دەخەنە پاڵ یەکێك لە ئۆپۆزیسیۆنی دژی رژێمەکەیان تاکو بەسەری ئەویدا بشکێننەوە بەمە هەم لە رق و کینەی خەڵك کەم دەکەنەوەو هەم ناوی ئۆپۆزیسیۆنیش دەزڕێنن، هەروەك چۆن کاتێك کە موخابەراتی سوری زیندانییە کوردەکانی زیندانی حەسەکەیان لەساڵی ١٩٩٣دا سووتاندو سێ زیندانی لە ئاگرەکە نەجاتیان بوو، بۆ بەیانی رژێمی سوری هەرسێکیانی لەسێدارەداو تۆمەتی سووتاندنەکەی خستە ئەستۆی ئەوان!!! چونکە ئەوانە تاکە شایەتی ئەو قەسابکاریە بوون رژێم کوشتنی تاکو لە شایەتیان رزگاری بێت و لەهەمانکاتیشدا خۆشی بخاتە دڵی قوربانییەکانی ئاگرەکەش.

وتارەکە باسی هەژاری و بێکاریش دەکات!!

لەسایەی بەردەوامی دەوڵەت لە بینینی رۆڵی خۆیدا بۆ دابینکردنی مافەکانی جەماوەر.. ئەوەش کە دادوەری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوەو.. لەناوبردنی هەژاری و بێکاری و.. کۆمەکی تۆرەکانی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی و هەروەها گفتوگۆیەکی زۆریش لەسەر بابەتی زاراوەی بازاڕی کۆمەڵایەتی هەبوو.. زۆربەی ئەو گفتوگۆیە لەسەر بناخەی ئەو شتانەیە کە دەیخوێنینەوە. بێگومان تیۆری و بیرۆکەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی جیا هەن.. بەڵام ئەوەی کە ئێمە بگرێتەوە وەك دەوڵەتێك.. ئێمە ملکەچی هیچ شتێك نابین جگە لە بەرژەوەندی جەماوەر. واتە نابێ هیچ زاراوەیێك بەسەر ئێمەدا بسەپێنرێت.. یان رێگامان بۆ دیاری بکرێت.. ئێمە خۆمان دیاری دەکەین کە چ زاراوەییێکمان دەوێت و شێوەی ئەو زاراوەیە چی بێ!!!

ئەمە وتارێکی سەیرو سەمەرەیە، هەموو کەس دەزانێت کە سوریا پێش هاتنی حزبی بەعس لە هەموو شتێکدا مامناوەندی بوو، بەتایبەتی لەباری ئابوورییەوە، کە نە هەژارییێکی زۆرو نە دەوڵەمەندییێکی زۆری نەبوو، بەڵام بەسایەی سەری حزبی بەعسەوە کە ململانێی هەژاری و بێکاری دەکات، هەموو گەلی سوریا تووشی هەژاری بووەو رادەیێکی زۆریشی لەژێرەوەی هێڵەکانی هەژاریە بەپێی پێوانەی رێژە جیهانییەکان. لە هەموو برگەکانی وتارەکەدا زۆربلێیی وا هەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی گوێگران، کە گوایا رژێم لەپێناوی گەل و دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی کاردەکات بەڵام وتارەکە بەوە دوایی دێت کە "ئێمە" واتە "رژێم" دیاری دەکەین کە چ زاراوەییێکمان دەوێت و شێوەی ئەو زاراوەیە چی بێ!!!

هەروا وتارەکە باسی چاکسازی دەکات هەروەك ئەوەی کە گەل روخێنەر بێت و دەوڵەت بنیاتنەر، بەڵام راستیەکەی بە پێچەوانەوەیە چونکە هەموو چەوتییێك لە سوریادا بەدەستی رژێمە دیکتاتۆریەکەی دروستکراوە، چونکە گەلی سوریای بێهێزکراو ناتوانێ بڕیارەکانی رژێم رەتداتەوە، بەتایبەتی کە بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سوری ئیفلیجەو دەتوانین بڵێین هەر نییە، چونکە زۆر دەمێکە رژێم هەرچی ئۆپۆزیسیۆن خواز بێ دەیخاتە زیندانەوەو تائێستاش لەزیندانەکانی بەعسدا کەسانی وەك ئەنوەر ئەلبنی و میشێل کیلۆو کەمال ئەلدیوانی و عارف دەلیلەو فایق ئەلمیر هەن جگە لە هەزاران زیندانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی کە لەراپەڕینەکەدا گیران و زۆری دیکەش، زۆربەی کاتیش رژێم دەیانکوژێت یان بەرەو هەندەران پاڵیان پێوە دەنێ. بۆیە هەرچی وێرانکاری و خراپەو گەندەڵی لەسوریادا هەیە سەرچاوەکەی حیزبی بەعسە چونکە بەعس تاکە هێزە لەسوریاو بۆیەش دەبێ ئەو رژێمە لەپێش هەموو شتێکدا چاکسازی خۆی بکات نەك وتار ئاراستەی گەلی سوریاو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی بکات بەڵکو ئاراستەی تەنها خۆی و کەسی دی نا، بکات.

لە هەمووشی خۆشتر وتارەکە باسی یاسا دەکات، یەکێ نەزانێ بەپێی وتارەکە لای وایە سوریا وڵاتی یاسایە، لەراستیشدا یاسا لە سوریادا تەنیا یارییێکە بەدەستی ئەندامانی حیزب و ئۆرگانەکانی موخابەراتەوە، بۆ ئەوەش کە لادانەکان لە یاسا لە سوریادا باس بکەین پێویستمان بە هەزاران لاپەڕەیە، بەڵام تاوانبارانی راستەقینە کە لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی حزبی بەعس و ئۆرگانەکانی موخابەرات دانیشتوون فایل و ناویان ئاشکران و کاتی خۆیان دێت.

وتارەکە باسی کێشەی کورد لەسوریادا دەکات بەڵام بچووکی دەکاتەوەو تەنیا بە مەسەلەی شوناسنامەی سوری ناودەبات:

ئەی بەڕێز بەشار، کێشەی کورد لەسوریادا تەنیا مەسەلەی ناسنامەی سوری نییە. چونکە گەلی کورد لە سوریا هەزاران ساڵە لەرۆژئاوای کوردستاندا دەژی، تەنانەت چەندەها سەدە پێش هاتنی عەرەب بۆ سوریە. نیشتمانەکەی بەپێی رێککەوتنە کۆلۆنیالیستەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم لکێنرا بە دەوڵەتی سوریاوە، کوردیش هەروەك گەلی عەرەب مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دەرکردنی هەر داگیرکەرێکی لە کوردستان هەیە. ئەگەر هەر رژێمێکی سوری ئێستاو داهاتووش بیەوێ یەکییێتی سوریا لە پەرت و دابەش بوون بپارێزێ پێویستە دان بەم راستیانەدا بنێت و دەبێ بزانێ کە گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی خۆیدا مافی هەبوونی هەمان فەرمانڕەوایی هەیە کە رژێمی سوریا لە دیمەشقدا هەیەتی، پاراستنی مافە مرۆڤایەتیە پێشێلکراوەکانی و مافە شارستانییە ونەکانی و هەروەها مافی هەموو نەتەوەو ئایین و بڕواکانی زەوتکراو لە سوریا. بەڵام وتارەکەی بەڕێز بەشار هەموو ئەو شتانەی لەبیر کردووەو تەنیا باسی بەخشینی ناسنامەی بە کوردەکان کردووەو ئەویش بەشێوەیەکی شەرمنانەو بەمەرجی وا کە لە مەرجەکانی کۆلۆنیالیزمی سەدەکانی ناوەڕاست دەچن. ئەو کوردانەی کە ناسنامەیان لێ سەندراوەتەوە لەوانەی جیاکردنەوە کە داپڵۆسراون و هەر ئەوەی ماوە کە باڵابەرزان لە باڵاکورتان جیا بکاتەوە یان چاوڕەشان لە چاوشینان ئەویش بۆ پووچەکردنەوەی پرسیاری گەڕاندنەوەی شوناسنامەی سوری بۆ ئەو کوردانەی کە لە ١٩٦٢دا لێیان زەوت کرا، واتە پێش نزیکەی نیو سەدە. لە هەموو جیهاندا هیچ دانیشتوویێکی هەر وڵاتێك کە رێزی خۆی بگرێت بە ٥ ساڵ شوناسنامەی دەدرێتێ، بەڵام رژێمی نازی بەعسی سوری، پاش نیو سەدە لە کارەسات مەرجی شەیتانی بۆ گەڕاندنەوەی ناسنامە بۆ خاوەنی هەقی خۆیان دادەنێ. بەم بۆنەیەوە سەرکردەی گەورەی کورد ئاپۆ عوسمان سەبری لەو کوردانە بوو کە شوناسنامەی لێ زەوت کرابوو. ئەوەبوو کە هەندێك لێپرسراوی سوری پەیوەندیان بە ئاپۆ عوسمان سەبری کرد کە داواکارییێك پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنەوەی شوناسنامە سوریەکەی بەڵام ئەو نای لێکردو هیچی نەنووسی و گوتی من هیچ نرخێك بۆ شوناسنامەیێك دانانێم کە بە یەك هێڵی پێنووس زەوت بکرێ. من پێویستم بە شوناسنامەی وا نییە کە رێزی بۆ خۆی و هەڵگرەکەشی نییە. هەر لەم روەشەوە ئەوەی کە گوێی لەوتارەکە بووبێ دەزانێ کە بێجگە لە درۆو دەلەسە هیچی دی نییە، چونکە لەهەمان رۆژی وتارەکەیدا رژێمی سوری بەردەوام لەسەر رامیاری بەعەرەبکردن ١٥٠ خێزانی عەرەبیان لەناوچەی دیریك کە ناسراوە بە مالکیە نیشتەجێ کرد. ئەمەش مانای وایە کە رژێم بەوپەڕی ملهوڕیەوە نەك هەر پەشیمان نییە لەوەی کە دەرهەق بە گەلی کورد لەسوریا کردوویەتی و نایەوێ هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە بەڵکو بەردەوامە لەسەر رامیاری رەگەزپەرستانەی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردەکان لەناوچەی حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان.

هەروەها وتارەکە ئاشکرای دەکات کە هەر شتێك لای رژێم خۆی گرنگ بێ ئەوە پلەی یەکەمی هەیە بۆ پرینسیپ و جێبەجێکردنیش، بەڵام هەرچی لای گەل گرنگ بێ ئەوە هیچ پلەیێکی سەرەکی نادرێتێ تەنانەت ئەگەر سەریشی پانکەیتەوە. ئەوەی کە دەمەوێ پێشانی بدەم تەنیا ئاشکراکردنی ئەو کەسانەیە کە وایان لەبەڕێز بەشار گەیاندووە کە کێشەی نزیکەی نیو ملیۆن کوردو نەوەکانیان کە لەناوچەی حەسەکە پێش نیوسەدە شوناسنامەی سورییان لێ زەوت کراوە نە کێشەیەکی سەرەکی و نە پلەی یەکەمی هەیە، چونکە کێشەی ئەوانەی شوناسنامەیان لێ زەوت کراوە بەپێی پێناسەی رێکخراوی پەناهەندەکانی جیهانی لە واشنتن وەك ئەوە وایە کە ئەو کوردانە وەك زیندە بەچاڵ کرابن وایە، چونکە ئەوانە هەرچەندە دەژین و هەناسە دەدەن بەڵام هیچ مافێکی خاوەن موڵکایەتی یا خوێندن یا ئیش و تەنانەت مافی نووستن لە هۆتێلێك یان چاککردنەوەی دیوارێکی رووخاوی ماڵەکانیان نییە، چونکە پێویستی بە مۆڵەتی شارەوانی هەیە کە داوای شوناسنامەی سورییان لێ دەکات، ئەمە نیو سەدەیە حاڵی نیو ملیۆن مرۆڤە لەسوریا، کە چونکە نە عەرەب و نە ئەندامی حزبی بەعسن کێشەکەیان بەپێی تێگەیشتنی بەعسی رەگەزپەرست پلەی یەکەمی نییە.

رژێمی بەعس لەسوریا باسی دڵسۆزی بۆ دەوڵەت و نیشتمان دەکات!! کام نیشتمان و کام دڵسۆزی، نیشتمان وەك دایکێکە کە منداڵانی لەباوەش دەگرێت، تەنانەت دەڵە سەگیش هەوڵ دەدات خواردن و جێگە بۆ بەچکەکانی دابین بکات، بەڵام رامیاری داپڵۆسین و نکۆڵی و گۆشەگیرکردن و برسیکردن و تیرۆرکردن کە رژێمی سوریا دژی گەلی کورد بەرپای دەکات، هەرگیز نابێتە هۆی رێزگرتنی نیشتمان و هەست بەدڵسۆزی بۆی، بەڵکو بەپێچەوانەوە رژێم لە سوریادا گەلێك دروست دەکات کە بێزی لە نیشتمان دێتەوەو جنێو بە عەرەبایەتی دەدات، چونکە نیشتمانێك کە هەر ببات و هیچ نەدات و عەرەبایەتییێك کە دەستدرێژکەرو دژی هەموو ناعەرەبێك بێ، ئەوە رامیارییێکی چەوتەو هەڵەشەیەو جیاکاری و دیواردانانی لێ دەبێتەوە. جیاکاری و دیواری دەروونی بەهێزترو نەلەقیوترە لەسنووری سیاسی و دیواری راستەقینە، چونکە دەتوانی سنوورو دیوار لا ببەیت بەڵام ئەو بەینە دەروونییەی کە بەعسی سوریا لەنێوان کوردو عەرەبدا دروستی کردووە لەوانەیە پێویستی بە چەندین نەوەی داهاتوو بێ تاکو پڕبکرێتەوە، هەروەك لەعێراقیشدا هەمان بەزمە.

ئەوپەڕی تراژیدیاش لەوەدایە کە حیزبی بەعس ئەندام و لایەنگرانی خۆی بەوە رۆشنبیر دەکات کە ئەم رامیاریە چەوت و هەڵەیە جێگای شانازی و سەربەرزی نەتەوایەتی و نیشانەی نیشتمانپەروەریە!! ئەوان گوێ نادەنێ کە سەرەنجامی رامیاریەکانی بەعسی برایان لەعێراقدا چی بوو و هیتلەری ئەڵمانیاش چی بەسەر هات. بێگومان ئاگایان لێ نابێت چونکە برا تۆپیوەکەیان سەددام حوسێن کاتێك کە بەرەو پەتی سێدارە دەچوو بۆ جەهەننەم و سەرەنجامی پیسی خۆی، هێشتا وای دەزانی کە بەرەو کورسی سەرۆکایەتی دەچێ، ئەو جۆرە مرۆڤانە یەك تۆزقاڵ مرۆڤایەتیان تیا نەماوەو وەك دەڵێن نووسراو بە بەرگەکەیدا دیارە، ئەوەبوو هەر لەسەرەتاوە سەددام حوسێن ناڕازی بوو بە دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە ١٩٧٥داو بۆ بێدەنگ کردنیان سەری بۆ شای ئێران شۆڕ کردو شەرەف و ئابڕووی عەرەبی کرد بەقوربانی و سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاری عەرەبستانی دایە دەست شا، جگە لەوەش وازی لە شەتتەلعەرەب و بەرزایی ستراتیژی و دوورگەکانی کەنداو هێنا بۆ ئێران. پاش رووخانی شای ئێرانیش ویستی ئەو شتانە لە ئێران وەرگرێتەوە بەڵام ئێران رازی نەبوو و سەددام کەوتە شەڕێك لەگەڵ ئێران کە ٨ ساڵی خایاندو ملیۆنەها گیانی تیا لە دەستچوو و چەندەها ئابڕووی خەڵکی تێدا تکا. چونکە ئەگەر سەددام مافی بە کوردان بدایە ئەو هەموو جەنگە رووی نەدەدا وەك جەنگی کوێت و پاشانیش جەنگی رزگارکردنی عێراق لە وەحشیگەری ئەو و ئەمریکاییەکان یەك عێراقیان نە دەدۆزیەوە کە پشتگیریان بکات. بەم شێوەیە سەددام چەندین گیانی کوشت و ئابڕووی خەڵکی تکاندو بڕوای لەنێوان عێراقیەکان خۆیان و لەگەڵ دراوسێکانی وەك کوێت نەهێشت و عەرەبیشی کرد بە دوو پارچەوە کە ئیسرائیلیش نەیتوانی بیکات، هەموو ئەوەش تاکو کورد نەتوانن ژیانی سروشتی خۆیان بژین، ئەم رامیاریە هەڵەو چەوتە گەیاندیە پەتی سێدارەو کوردیش لە ئۆتۆنۆمی زیاتریان بەدەست هێنا، وابزانم رژێمی سوریاش هەر لەسەر هەمان هێڵ دەڕوات. رژێمی سوریا بانگی ئیسرائیل دەکات بۆ گفتوگۆکردن بەڵام گەلی سوریای خۆی بە کوردو عەرەب و کەمە نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبیەکانی کە زیاترو جۆراوجۆرترن لە نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکانی عێراق، لەبیر دەکات. کەواتە رێگا پانەو رژێمی سوریا نابێ هەمان رێگای عێراق بگرێ چونکە ئەو رێگایە بە ئابڕوتکانی سوریاو سەربڕین کۆتایی دێت و لەئاخریشدا گەلی کورد هەر مافەکانی بەدەست دەهێنێت. من زۆر حەز دەکەم کەوا نەبێت و گەلی سوریا بە کوردو عەرەبەوە مافی خۆیان لەرێگای گفتوگۆوە بەدەست بهێنن پێش ئەوەی لە دەرەوە ئەو شتە بەسەردا بسەپێنرێ و پێش ئەوەی رژێم لەگەڵ ئیسرائیل و ئەم و ئەودا گفتوگۆ بکات.

بەم بۆنەیەشەوە دەڵێم پاش نووسینی کتێبەکەم بەناوی "رامیاری کۆلۆنیالیستانەی حزبی بەعسی سوری لە رۆژاوای کوردستان" چەندین رەخنەم پێ گەیشت سەبارەت بەناوی کتێبەکەو پێناسەی رامیاری حزبی بەعس لەرۆژئاوای کوردستان بە کۆلۆنیالیستانە، چونکە ئەوە جنێوە بۆ کۆلۆنیالیزم، چونکە کۆلۆنیالیزم کاتێ چووەتە هەر وڵاتێك یان هەر گەلێکی داگیر کردبێت هەوڵی نەداوە ناوی ئەو نیشتمانە بگۆڕێت یان نکۆڵی لە بوونی ئەو گەلەو زمان و نەریتی بکات وەك چۆن بە گەلی کورد لە سوریا کراوە، راستیەکەی وشەی کۆیلەکردن یان ملکەچکردن زیاتر نزیکە لەباری کورد تا کۆلۆنیالیزم، هەزار رەحمەت لەکاتی جارانی کۆلۆنیالیزم و داپڵۆسین، چونکە کوردێك کە شوناسنامەی نەبێ مافی ئەوەی نییە کە هەرگیز کار بکات یا بخوێنێ یان شتومەکی خواردەمەنی و کۆمەککراو بەنرخی فەرمی دەسکەوێ، ئەمەش بەسەر کۆیلەکانی ئەمریکا نەهاتووە چونکە ئەوان تەنها لە هەندێك کارو خوێندن لە هەندێك کارگەو زانکۆ یان هەندێك هۆتێل و چێشتخانە بێبەری کرابوون نەك لەهەموو شتێك وەك کوردی سوریا.

رژێمی سوریا بەتوندی رەخنە لەوانە دەگرێ کە پەنا بۆ دەرەوە دەبەن، بەڵام حاڵی کورد لە سوریا وەك کەسێکی نقوم بووە لە دەریاییێکی نائارامدا کە نە کەنارو نە رووناکی دیار نییە، ئەوەش کە خەریکی نقوم بوون بێ لای گرنگ نییە چ جۆرە کەشتییێك رزگاری دەکات، تەنانەت دەست بە پووشێکیشەوە دەگرێت و کەشتی جەهەننەمیش رەت ناکاتەوە، چونکە هەمووی لەحاڵی کورد لە سوریا باشترە، چونکە چوون بۆ جەهەننەم وەك یەك مردن وایە بەڵام کوردی سوریا هەموو سات و خولەکێك تووشی مردن دەبنەوە، کەواتە تاکەی ئەم سەرشۆڕکردن و کۆیلەکردنە بەردەوام بێ و بۆچی دەبێ ئەم هەموو ناخۆشییە بچێژین، کاتێ کە ئەوانەی لەسەر خواردنی برسیەکانی گەل ورگی خۆیان زل کردووەو لەسەر کۆیلەکردنی گەل کۆشکی مەزن و ئۆفیسی خۆشیان دروستکردووە، باسی سەروەری نەتەوەو دڵسۆزی بۆ نیشتمان دەکەن!!! ئەمە گاڵتەجاری گەردوونە بەڵام ئەم گاڵتەجارییە بەردەوام نابێ و بێگومان کاتی نوێ ئێمەش دەگرێتەوەو هەموویان فڕێ دەدرێنە زبڵخانەی مێژووەوە هەروەك چۆن بەسەر خزمەکانیان هتلەرو سەددام هات.

پاش ئەوەش وتارەکە باسی راپەڕینە جەماوەریەکەی کورد لە ١٢ ئاداری ٢٠٠٤ دەکات و بەرووداوێکی گێرەشێوێنی ناو دەبات. ئەگەر ئەوە تەنها رووداوێکی گێرەشێوێنی ناو یاریگای قامیشلۆ بوایە ئەی بەڕێز بەشار چۆن بەردەوام دەبوو و بەچەند ساتێك بڵاودەبووەوە بۆ هەموو شارەکانی پارێزگای حەسەکەو شارەکانی رەقەو کۆبانی و حەلەب و عەفرین و دیمەشق، ئەوە رووداوی گێرەشێوێنی نەبوو بەڕێز بەشار بەڵکو راپەڕین بوو دژی رامیاریە چەوتەکانی رژێمەکەت، ئەوە تەقینەوەی رامیاری سەرژمێرکردن و بەعەرەب کردنی رۆژئاوای کوردستان و پرۆژە رەگەزپەرستەکانی رژێمی سوریا وەك پشتێنی عەرەبی و گەلکوژی وەك سووتاندنی ٣٨٠ منداڵی کورد لە سینەمای ئامودا لە ١٩٦٠و سووتاندنی ٧٥ زیندانی کورد لە زیندانی ناوەندی حەسەکە لە ١٩٩٣و هەروا کوشتنی خەڵك لە زیندانەکانی موخابەراتدا لەژێر ئەشکەنجەداو تەنانەت سەربازی کورد لەکاتی خزمەتگوزاری بەزۆری سەربازیاندا دەکوژرێن، سەرەڕای کوشتنی دەیان لە سەرۆکانی بزووتنەوەی رزگاری کورد وەك کوشتنی میر جەلادەت بەدرخان لەرووداوێکی موخابەراتی رووخاندنی تانکی ئاو بەسەریدا لە ١٩٥١ تا فڕاندنی شێخ محەممەد مەعشوق خەزنەوی و کوشتنی لەژێر ئەشکەنجەدا لە ٢٠٠٥و ژەهردان بە د.حەمید سینوو کوشتنی کەمال ئەحمەدو هاوڕێکانی بەرووداوێکی ئۆتۆمبێلی دەستکردو هتد، بێ شك رۆژێك دێ کە بکوژانی ئەو پاڵەوانانە پێشکەشی دادگاییێکی دادوەرانە دەکرێن.

لەکۆتاییدا دووپاتی دەکەمەوە بۆ بەڕێز بەشار کە ئەمڕۆ وەك دوێنێ نییەو بواری هەڵبژاردنی زۆر لەبەردەم کوردو گەلانی دیدا هەیەو کەسی دانا حەرفێکی بەسە.

سڵاو لەوانەی دوای رێگای راست دەکەون.

* سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان لەهەندەران

٢٠٠٧/٧/١٧



دیمەنێك لە خۆپیشاندانەکانی قامیشلۆ لەساڵی ٢٠٠٤ (فۆتۆ: ماڵپەڕی ئامۆدە)

# باڵەخانەکانی کوردستان مەرجی نیشتەجێبونیان نییە



ژمارەیەك لە باڵەخانەکانی سلێمانی (میدیا)

**میدیا- سلێمانی/** مەرجەکانی نیشتەجێبون لە باڵەخانەکاندا زۆرن، گرنگترینیان پێکهاتەی باڵەخانەکەو ئەو ڕێوشوێنە شارستانیانەیە کە پێویستە لە هەر باڵەخانەو شوێنێکی نیشتەجێبوندا هەبێت، وەکو بوونی دەروازەی خۆرزگارکردن لە کارەساتەکان و ئامێری ئاگرکوژاندنەوەی مەرکەزی و بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازی تۆکمە.

لەکوردستاندا بەهۆی کەمی چاودێری حکومەت لەو بوارەدا، چاوەڕواندەکرێت ئەو کارەساتانەی ڕوو دەکاتە باڵەخانەکان چارەسەر نەکرێن و زیانی گیانی و ماڵی زۆری لێبکەوێتەوە.

دروستکردنی باڵەخانەی بەرزو سەروو ١٠ نهۆمی لە کوردستاندا تازەیە لەچاو وڵاتانی چواردەورو ناوچەکەدا. باڵەخانەی فاروقی مەلا مستەفا لە سلێمانی کە پێکدێت لە ٢٧ نهۆم و بەرزترین باڵەخانە دەبێت لەسەر ئاستی عێراق، لەکاتێکدا لەوڵاتانی ناوچەکە باڵەخانەی ١٠٠ نهۆمی هەیە.

ئەندازیاران و شارەزایان لەبواری کەرەستەی بیناسازی و نەخشەسازیدا ئاماژە بەوەدەکەن کوردستان سەرەتایەکی خراپی دەستپێکردوە لەو بوارەدا، چونکە تائێستاش بە تاس و عەرەبانەو تەنەکە کۆنکرێت دەکرێت، چ جای لە زۆر وڵات ئێستا لەبری کۆنکرێت باڵەخانەی ئاسن (ستیل سترەکچەر) بەکاردەهێنن و باوی کۆنکرێت نەماوە.

ئەندازیار شێخ تەها سوڵەیی، بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتەجێیی بەهاران لە سلێمانی، نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی ئێستا ئەندازیارو بەڵێندەرەکان گوێ لەقسەی خاوەن کار دەگرن و زۆرجار ئەو شوێنی نیشتەجێبونەی دروستدەکرێت یان نەخشەی نییە، یان تێروتەسەل نییەو وردەکاری باڵەخانەو بیناکەی لەخۆنەگرتوە، ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ نەبونی نەخشەسازو نوسینگەی نەخشەکێشانی کارامەو شارەزا لە کوردستاندا.

ناوبراو پرۆژەی نیشتەجێی بەهارانی لەسەر نەخشەکانی کۆمپانیای چل چەشمەی ئێرانی جێبەجێ دەکات، تەنها بۆ پرۆژەی ناوبراو ٥٠٠ شیت نەخشەی بۆ داڕێژراوە لەکاتێکدا "هەر باڵەخانەیەك لەو باڵەخانانەی لەسلێمانی دروستکراوە نەخشەکەی لە ٣٠ شیت تێناپەڕێت".

ناوبراو وتی "ساڵانی ڕابردوو ئەندازیارەکان زیاتر وابەستەبون بە مەرجی ئەندازەییەوە"، هەروەها ڕونیکردەوە باڵەخانەی ١٠ نهۆمی هەیە وایەری کارەباکەی بە بزمار داکوتاوە لەکاتێکدا پێویستە بخرێتە نێو بۆرییەوە بۆ ئەوەی لەکاتی هەر تێکچونێکدا گۆڕینی ئاسان بێت.

ئەو ئاماژەی بەوەشکرد، وەك چۆن ئاسایشی سیاسی و خۆراك و ئابووری... هتد هەیە، بەهەمان شێوە پێویستە ئاسایشی ئینشائی و کەرەستەی بیناسازیمان هەبێت و لەو کەرەستانە بکۆڵێتەوە کە دێنەکوردستانەوەو پارەیەکی زۆری وڵاتی خۆمان لەوبوارەدا سەرفدەکرێت و دەچێتە دەرەوە.

تەها ئەوەی خستەڕوو زۆرینەی ئەو کاشی و کەرەستانەی دەهێنرێنە کوردستان ستۆك بوون و لە مەخزەنەکانی ئەو وڵاتانە ماونەتەوەو لێرە ساخ دەکرێنەوە.

بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هەر باڵەخانەیەك، لە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، لیژنەیەکی پسپۆر لە ئەندازیارانی تەلارسازی و مەدەنی و کارەبا چاودەخشێننەوە بە خشتەکاندا، پاشان دەبرێتە شارەوانی و لەوێش تەنها وێنەی نەخشەکانی ئەو باڵەخانەیە هەڵدەگیرێت.

بەڵام نەبوونی کەسانی شارەزا لەبواری نەخشەو جێبەجێکردنی نەخشە هۆکارێکی ترە لەو هۆکارانەی نەتوانرێت کەموکوری نەخشەکان بزانرێت.

شێخ تەها وتی "چەندین ئەندازیاری وەزارەتەکان هاتوون سێتی نەخشەکانی ئێمەیان بەرچاو کەوتوە، وتویانە سێتی تێروتەسەلی لەو جۆرە کەم بینراوە، ئیتر چۆن ئەتوانن هەڵە بدۆزنەوە تێیدا"، ئەمە سەرباری ئەوەی لایەنی ڕەسمی لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا چاودێری ناکەن لە پرۆژە ئەهلیەکاندا.

"لەوڵاتان بۆ پاسێك ئەگەر ٢٠ نەفەر بگرێت، دەرگای خۆ ڕزگارکردن دروست دەکرێت، بەڵام لێرە بۆ باڵەخایەك کە زیاتر لە ٢٠٠ کەسی تێدایە هیچ ڕەچاوێکی کارەسات نەکراوە"، فەهمی جەمیل وای گوت.

ئەو بۆ تەواوکردنی یەکێك لە مامەڵەکانی سەردانی یەکێك لەو باڵەخانانەی دەکرد، وەکو خۆی ئاماژەی پێدا هەرکاتێك سەردانی ئەو باڵەخانەیە دەکات "لە دڵە ڕاوکێ" دایە.

ئەندازیار ئەحمەد ڕەشید ڕەحیم، ئەندامی لیژنەی مۆڵەتی باڵەخانەی بازرگانی لە شارەوانی سلێمانی، ئاماژەی بەو مەرجانەکرد کە ڕەچاوی دەکەن لە نەخشەی هەر باڵەخانەیەکدا بەپێی بڕیاری ١٠٤٩ی ٢٠٠٤/٨/٢٤و ژمارە ١٥٦٣ی ٢٠٠٤/١١/٢٨ی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی.

مەرجەکانیش ئەوەیە کە دەبێت ئەو زەویەی تەرخاندەکرێت بۆ ئەو باڵەخانەیە لەناوچەیەکی بازرگانی بێت، لەئاستی شەقامەکانەوە ٢-٣م بکشێتەوەو لەشەقامەکان دوور بکەوێتەوەو، ڕێژەی بیناکردن ٨٥٪ تێنەپەڕێت لەکۆی زەوی دیاریکراو، لە هەندێك گەڕەکی کۆنی شاری سلێمانی وەکو پیرمەنسورو سابونکەران.. هتد باڵەخانەکە لە سێ نهۆم تێنەپەڕێت.

ناوبراو ڕایگەیاند شارەوانی تائێستا هیچ مەرجێکی نەبووە بۆ ئەوەی ئەو باڵەخانانە لەڕووی مەرجەکانی بەرگری شارستانییەوە توندوتۆڵ بێت، بەڵام پێمان باشە ئەوە یەکێك بێت لەو مەرجانە.

شارەوانی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٦دا ٢٠٤ مۆڵەتی باڵەخانەی بازرگانی بەخشیوە، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٧دا ئەو ژمارەیە دابەزیوە بۆ ١٠٣مۆڵەت و ٥٠٪ دابەزیوە.

ناوبراو هۆکاری دابەزینی داوای مۆڵەتی لەلایەن هاوڵاتیانەوە گێڕایەوە بۆ گرانی کەرەستەی بیناسازی و نەبوونی بانکی هەرێم بۆ بازرگانی و دابەزینی نرخی دۆلار لە بازارەکاندا.

لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا هەموو نەخشەیەك دەبوایە واژۆی ئەندازیاری بەرگری شارستانی لەسەر بووایە، بەڵام ئەندازیار ئەحمەد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەم فلتەرە تەنها بۆ دروستکردنی پەناگە (ملجأ) بووە نەك بۆ ڕەچاوکردنی هەندێك خاڵی دیکە.

عەمید نەجمەدین قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەرگری شارستانی سلێمانی، ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەندازیاری بەرگری شارستانی تەنها ئەو ڕۆڵەی هەبووبێت، بەڵکو بۆ ڕەچاوکردنی کۆمەڵێك مەرجە کە شارەوانی تائێستا لە هیچ باڵەخانەیەکدا ڕەچاویان نەکردوە.

ناوبراو ڕایگەیاند، ئەوان لەماوەی ڕابردوودا نوسراویان ئاراستەی شارەوانی کردوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوان وتویانە "مەرجەکانمان بۆ بنێرن خۆمان لێرە جێبەجێی دەکەین"و هیچ وەڵامێکی جدییان نەداوینەتەوە.

لەشاری سلێمانیدا، بەهەموو قەزاو ناحیەکانیەوە، تەنها یەك ئۆتۆمبیلی ئاگر کوژاندنەوەی باڵەخانەی بەرز هەیە، ئەویش لە نزیك فرۆکەخانەی سلێمانیەوە دانراوە.

عەمید نەجمەدین وتی "لەبەر ئەوەی لەئاستی نەخشەداناندا پرس بە ئێمەش ناکرێت، ناتوانین هیچ سەرپەرشتیەکی پاشینە لەسەر ئەو بینایانە دابنێین و لێیان بپرسینەوە"، لەکاتێکدا ئێمە پێویستە بچینە ئەو باڵەخانانەو بیبانپشکنین و لەڕووی بوونی ئامێری ئاگرکوژێنەوەو بوونی دەرگای دەربازبوون لە کارەسات (فایەر ئێگزت)و کەرەستەی بیناسازییەوە هەڵیانبسەنگێنین.

ناوبراو ڕایگەیاند تائێستا دووچاری هیچ کارەساتێکی لەو شێوەیە نەبووین، بەڵام دووچاربوونی کارەساتی بومەلەرزەو ئاگرکەوتنە.. هتد شتێکی چاوەڕوانکراوەو لەوکاتەشدا پێدەچێت بەو جۆرە باڵەخانانەی کە هەمانە زۆرترین زیان بکەوێتەوە.



بەرهەم عومەر

barhamomer
@yahoo.com

روانینی ئابووری

# لابردنی سفری دینار، سفری کێشەکان کەم ناکاتەوە

**موسا محەممەد***

دەنگۆی ئەوە هەیە کە ژمارەی سفرەکانی دیناری عێراقی کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی دینار بەهێز بێت، بەڵام بەهێز بوون و دابەزینی دۆلاری ئەمەریکی پەیوەندی بەئابووری ئەمریکاو جیهانەوە هەیە نەك سیاسەتی بانکی ناوەندی عێراقی. هەروەها کێشەی ئابووری عێراق و کوردستان سفری دینار نییە بەڵکو گرفتی بەڕێوەبردن و ستراکتووری (هیکلی) ئابوورییە.

ئەم هەفتەیە بۆرسەی ئەمریکاو ئەوروپا دابەزینی بەخۆوە بینی ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ کزبوونی بازاڕی ئاسیا بەتایبەت کۆریای باشوورو سینگاپور هەروەها خەڵکی ئەمریکا پێدانی قەرزی خانووبەرەیان پەکخستووەو نرخی سوودی بانك لەئەمریکا نزمەو خواست بۆ یۆرۆ بەرز بووەتەوە نرخی دۆلار دابەزیوە لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئالۆزبوونی باری سیاسی لەئەمریکاو ناجێگیر بوونی ئاسایشی عێراق ئابووری ئەمریکا بەرەو تەنگژە دەچێت و چاوەڕوان دەکرێت گەشەی ئابووری ئەمریکا لەچاو ساڵی ٢٠٠٦دا دابەزێت و بازاڕەکانی ئەمریکا بەرەو قۆناخێکی دژوار بچن. لەم ڕووەوە بازاڕی سەرمایەی دراوی ئەمریکا دابەزینی بەخۆوە بینیوەو دۆلاری ئەمەریکی بەهای کەمبووەتەوە ئێستا یەك یۆرۆ یەکسانە بەیەك دۆلارو ٣٦ سەنتی ئەمریکی کە لەدوو ساڵی ڕابردوودا کەمترین بەهای دراوی ئەمریکایە. لەم کاتەدا وەزیری دارایی فەرەنسا ڕایگەیاندووە کە ئەگەر ئەمریکا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا هاوکاری نەکات بۆ کۆنترۆڵی ئەو دابەزینەی دۆلار ئەوا جیهان دەکەوێتە تەنگژەیەکی ئابووریی گەورەوە.

هەرچەندە دەوڵەتی فیدرالی ئەمریکا پێیوایە دۆلار دەبێت بەهێز بێت، بەڵام ئەو دابەزینە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کالای ئەمریکی هەرزانتر بێت بۆ ئەوروپاو ئاسیا. ئەمەش کاریگەری لەسەر ناردنە دەرەوەی (تصدیر) ئەمریکا دادەنێت و بالانسی بازرگانی ئەمریکا چاکتر دەکات بەڵام بۆ ئەو وڵاتانەی کە مامەڵە بەدۆلاری ئەمریکی دەکەن کاریگەری نێگەتیڤی هەیە چونکە پێویستە بۆ کالایەکی دیاریکراو کە پێشتر ١ دۆلاریان سەرف دەکرد ئێستا ١,٣٠- ١,٣٦ دۆلار بدەن کەواتە توانای کڕین کەمدەبێتەوە.

ئەو وڵاتانەی کە هاوردنی (استیرادات) کالاو خزمەتگوزارییان زۆرەو بەدۆلار بازرگانی دەرەکی ئەنجام دەدەن سەرمایەی زیاتر لەوڵاتیان دەچێتە دەرەوە بەتایبەت ئەوانەی کە بەوڵاتانی نەوتی ناو دەبردرێن و ئەندامی ئۆپیکن (opec)* زۆرترین زەرەرمەندی دابەزینی بەهای دراوی ئەمریکی دەبن چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر داهاتی نەتەوەیی (GNP) ئەو وڵاتانە هەیە ئەمەش لەجێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەکاندا کاریگەری ڕاستەقینەی دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە دابەزینی دۆلار کاریگەری لەسەر بازاڕەکان دەبێت و گەشەپێدانی ئابووری وڵاتانی بەستراو بەدۆلار کەم دەکاتەوە. لەمڕووەوە کەمکردنەوەی سفرەکانی دیناری عێراقی و دابەزینی بەهای دۆلاری ئەمریکی لەئابووری کوردستاندا لەکورت خایەنداو لەڕووی دەروونناسییەوە، ڕێژەی هەڵاوسان بەهۆی وەهمی بەکاربەرو کەمبوونی خواست کەمدەکاتەوە، بەڵام لەمامناوەندو درێژ خایەندا کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت چونکە سیستەمی ئابووری و بازرگانی کوردستان پشت بەدۆلاری ئەمریکی بەستووە لەڕاستیدا دراوێکی دیاریکراوی نییە! ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەهای بودجەی حکومەتی کوردستان دابەزێت ئەو بودجەی کە کورت هێنانیشی هەیەو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت کەمبێتەوە لەهەمانکاتدا نرخی کالای بیانی کە بەدۆلارە بۆ بەکاربەری کوردستانی زیاد دەکات. چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەرەو جەژنی ڕەمەزان خواستی گشتی بۆ کالاو خزمەتگوزاری زیاد بێت و هەڵاوسان زیاتر بەرز ببێتەوەو ناڕەزایی خەڵکی بەدواوە دەبێت بەڵام بازرگان و بازاڕیی قازانج دەکەن و ئەوانەی لەکەرتی حکومیدا کار دەکەن و مووچەی جێگیریان هەیە زیان دەکەن و ئاستی خۆشگوزەرانییان کەمدەبێتەوە ژێرخانی ئابووریش وەك خۆی دەمێنێتەوە، کەواتە پێشنیاز دەکرێت لەو ئەنجوومەنە ئابوورییەی کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان دایمەزراندووە، گرووپێکی هاوبەش لەحکومەت و پسپۆرانی ئابووری پێك بێت بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی دراوو دۆلار لەئابووری کوردستانداو چارەسەری ئەو گرفتانەی کە پێشبینی دەکرێت ئابووری کوردستان لەئایندەدا تووشی بێت. ئەوەش بەشێك لەستراتیژی ئابووری ئازادو بەجیهانیبوونی (globalization)ی ئابووری کوردستانە!و سفری کێشە ئابووری و بەڕێوەبردنەکانی عێراق و کوردستان لەژمارەی سفرەکانی دینار زیاترە!

* ئۆپیك: وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت وەك عێراق، ئێران، عەرەبستانی سعودی، نێجیریا، ڤەنزویلا، بەحرین، کویت، لیبیا، ئیماراتی یەکگرتوو..

mb_zanko@yahoo.com

* مامۆستای زانکۆ

## زۆربەیان لەترسی چاووزار سەرمایەکانیان بەدیار ناخەن

# ١٠٠ کەس لە هەولێر زیاتر لە ٣ ملیۆن دۆلاریان هەیە

**میدیا- هەولێر/** ئەندامێکی ژووری بازرگانی ڕایگەیاند، کە ژمارەیەکی زۆر بازرگان و دەوڵەمەند لە هەولێر هەن، کە بەشێکی زۆریان لەترسی چاووزار خۆیان دەرناخەن و "هەندێکیشیان تائێستا لەژێر کاریگەری یاساکانی بازرگانی سەردەمی بەعسدا ماون، وا دەزانن ئێستاش بازاڕ لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدایە بۆیە خۆیان دەرناخەن".

فیدائەدین محەممەد ئەمین گەردی، ئەندامی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر لەدیمانەیەکدا لەگەڵ (میدیا) ڕایگەیاند "تەنیا لەسنووری شاری هەولێر ١٥ هەزار کەس ئەندامی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێرن و، ژمارەیەکی زۆریش دەوڵەمەندو بازرگان هەن تائێستا ناوی خۆیان لەژووری بازرگانی تۆمار نەکردووە".

ژووری بازرگانی هەولێر، لەساڵی ١٩٦٦ دامەزراوەو هەر کەسێك تەمەنی لە ١٨ ساڵ زیاتر بێت و کاری بازرگانی بکات، یان خاوەنی کارگەو موڵك بێت بۆی هەیە ببێتە ئەندامی ژووری بازرگانی و پیشەسازی، جگە لەمەش دەبێت خاوەنی سەرمایەکی دیاریکراویش بێت. ئەندامانی ژووری بازرگانی بەگوێرەی سەرمایەکانیان بەسەر ٥ پلەدا پۆلین کراون، پلەی یەك، دوو، سێ و چوار، هەروەها پلەی ئیمتیاز.

فیدائەدین گەردی لەبارەی ئەو پۆلینکردنەدا دەڵێت "ئەو پۆلێنکردنە بەگوێرەی سەرمایەی بازرگانەکەیە، ئەوەی پلەی ئیمتیازی پێدەدرێت، دەبێت سەرمایەکەی لە ٣ ملیۆن دۆلار کەمتر نەبێت، پلەی یەکیش ١ ملیارو نیو دینارە، پلە دوو ١ ملیار دینارە، پلە سێ ٧٥٠ ملیۆن دینار، دوا پلەش کە پلە چوارە ٣٠٠ ملیۆن دینارە، هەروەها مەرجە ئەو کەسەی دەبێتە ئەندامی ژووری بازرگانی سەرمایەکەی لە ٧٥ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت".

فیدائەددین لەبارەی جۆری سەرمایەی ئەو کەسانە دەڵێت "سەرمایە مەرج نییە تەنیا پارە بێت هەیە موڵکی هەیە یان دووکانی هەیە، یان کارگەو کۆمپانیای هەیە، ئەمانە هەموو بەسەرمایە دادەنرێن، هەر کەسێك بیەوێت ببێتە ئەندامی ژووری بازرگانی داواکاری پێشکەش دەکات، لیژنەیەك هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی سەرمایەی ئەو کەسە، ئەگەر موڵك یان دووکانی بەناو بێت دەبێت گرێبەستی کرێی ئەو موڵکەمان بۆ بێنێت، یاخود ئەگەر بازرگانێکی دێرین کە ئەندامی ژووری بازرگانی بێت و پشتگیری ئەو کەسە بکات، ئەوا ناسنامەی ژووری بازرگانی پێدەدەین".

ئەوەی تێبینی دەکرێت، هەندێك خەڵك هەیە، بەتایبەتیش گەنجان بەبێ ئەوەی خاوەنی سەرمایەی دیاریکراو بن ناسنامەی ژووری بازرگانیان لەباخەڵدایە، فیدائەدین بۆ ئەو دیاردەیە دەڵێت "ئێمە سیستەمی دەرجاتمان هەیە هەر کەسێك کەفائەی مالی ٧٥ ملیۆن دینار بێت، ئینجا دەتوانێت ببێتە ئەندامی ژووری بازرگانی، ئەگەر ئەو کەسە دوکانێکی هەبێت دەتوانین ناسنامەی بۆ بکەین، لەبەر ئەوەی کاری بازرگانی دەکات، زۆر گەنج هەیە لەزانکۆیەو ناسنامەی هەیە، بەڵام ئەو گەنجە دوای دەوامی زانکۆ کار دەکات لەوانەیە دوکانی هەبێت یان لەگەڵ باوکی کار بکات، یاخود موڵکی بەناو کرابێت، بۆیە مافی ئەوەی هەیە ببێتە ئەندامی ژووری بازرگانی".

فیدائەددین زیاتر لەسەر ئەو گەنجە بازرگانانە دواو گوتی "ئەو گەنجانەی ئێستا دەستیان داوەتە کاری بازرگانی لەبازرگانە دێرینەکان زۆر زیرەکترن، ئەوەی بەو گەنجانە دەکرێت، لەوانەیە بەبازرگانە دێرینەکان نەکرێت، ئێمە پێویستمان بەو گەنجانە هەیە هانیان دەدەین بێن بازرگانی بکەن، زۆرجار سەفەر دەبێت دەیانێرین بۆ سەفەر، هەروەها بۆ پێشەنگاو کۆنگرەو کۆنفرانسەکان کە لە دەرەوە دەبەسترێن، ئەو گەنجانە ڕەوانە دەکەین، چونکە ئەوان زەوقی ئیشکردنیان زیاترە، گەنجی وامان بینیوە زۆر بچووکە ئەوەندە چاو کراوەیە، کۆڵانەکانی دوبەی وەکو کۆڵانەکانی هەولێر شارەزاییە، دواتریش زۆربەی بازرگانی هەولێر ئێستا ئەو گەنجانە بەڕێوەی دەبەن".

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەی پلەی ئیمتیازیان هەیە واتە سەرمایەکەیان ٣ ملیۆن دۆلارە، ئەو ئەندامەی ژووری بازرگانی گوتی "نزیکەی ١٠٠ کەس لەلای ئێمە پلەی ئیمتیازیان هەیە، بەڵام مەرج نییە، سەرمایەکانیان تەنیا ئەو ٣ ملیۆن دۆلارە بێت بەڵکو هەیە سەرمایەکەی زۆر لەوە زیاترە، ژمارەیەکی زۆریش هەن کە سەرمایەکانیان زۆر لەوە زیاترە بەڵام ئەندامی ژووری بازرگانی نین".

ئەوەی جێگەی سەرنجە تائێستا دەوڵەمەندترین کەسی شاری هەولێرو ملیاردێرەکانی هەولێر دیار نین، هەرچەندە لەزۆربەی وڵاتانی دونیاو تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش ساڵانە دەوڵەمەندترین کەسی دونیاو ملیاردێرەکانی وڵاتان دیاریدەکرێن، بەڵام نەك لەشاری هەولێر بەڵکو لەکوردستانیش تائێستا دیار نییە، کە دەوڵەمەندترین کەس کێیە.

فیدائەدین لەو بارەیەوە دەڵێت "ئێمە تا ساڵی ١٩٩١ بازاڕێکی مەرکەزیمان هەبوو، حکومەت هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردبوو، خەڵکێك هەبوو کە دەوڵەمەندیش بوو نەیدەویست دەربکەوێت، هەرچەندە لەدوای ڕاپەڕینەوە بازار بەرەو بازاڕێکی ئابووری ئازاد هەنگاوی ناوە بەتایبەتی دوای ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣دا، بەڵام هەندێك لەبازرگانەکان تائێستاش لەژێر سیاسەتی پێشووی ئابووریدان، خەڵکێکیش هەیە ئەو ڕۆشنبیرییەی نییە سەرمایەی خۆی ئیعلان بکات یان ڕیکلام بۆ کارەکانی بکات، جگە لەمەش هەرچەندە باروودۆخی ئاسایش لەکوردستان جێگیرە بەڵام هەندێك کەس تائێستاش متمانەیان بە باروودۆخی ئەمنی نییە".

هەروەها ئەو ئەندامەی ژووری بازرگانی باسی لەهۆکاری دەروونی ئەو حاڵەتە کردو گوتی "خەڵکانێك هەن لەبەر مەسەلەی حەسادەت و چاو پیسی حەز ناکەن سەرمایەی خۆیان بەدەربخەن، بەقەناعەتی خۆیان دەترسن ئەگەر سەرمایەکەیان ئاشکرا بێت خەڵك حەسوودیان پێدەبات و دووچاری زەرەر بێن، هەروەها سەرمایەداری ئێمە تائێستاش لەبەرچاوی خەڵك بەکەسێکی ڕەزا گران ناسراوە، لەکاتێکدا ئەمە وا نییە هەر بازرگانەکانن، ئابووری ئەو وڵاتە دەگەشێننەوەو بەڕێوەی دەبەن".

فیدائەدین مەسەلەی دیاریکردنی دەوڵەمەندترین کەس بەشتێکی لاوەکی دەزانێت و بەپێی قسەی ئەو هیچ بەرنامەیەکیان نییە بۆ ئەو کارەو گوتی "ئێمە ڕێکخراوێکی پیشەیین تەمسیلی ئەو خەڵکە دەکەین ئێمە دەمانەوێت بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە دامەزراوین، چینی بازرگان و کاسبکار زیاتر بەدونیای ئابووری سەردەم بناسێنین، زیاتر هەلی بۆ برەخسێنین و ڕۆشنبیری بازرگانی زیاتر بەرەو پێش ببەین، مەسەلەی دیاریکردنی دەوڵەمەندو ملیاردێرەکانیشمان بەشتێکی لاوەکی زانیوە، بۆیە کارمان بۆی نەکردووە".

بازرگانانی کوردستان ڕووبەڕووی زۆرترین گلەیی خەڵك دەبنەوە بەتایبەتی لەهێنانی کەلوپەلی خراپ لەوڵاتان و هێنانی خواردنی بەسەر چوو، فیدائەدین بۆ ڕێگری لەو کارە حکومەت بە "بەرپرسیاری یەکەم" دەزانێت و پێیوایە لەو کارەدا بازرگانەکان بەپلە یەك زەرەرمەند دەبن ئینجا خەڵکە ئاساییەکە.

فیدائەدین گوتی "ئێمەش گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەندێك بازرگان کەلوپەلی تەقلید کراوو خراپ دەهێنن، بەڵام تائێستا کەس نەهاتووە لەلای ئێمە شکات لەو بازرگانانە بکات، دواتریش کاری ئێمە نییە موحاسەبەی بازرگان بکەین، کاری ئێمە کۆڕو کۆبوونەوەیە لەگەڵ بازرگانان بۆ ئەوەی لەو جۆرە کارانە بەدوور بن، ئەوە کاری حکومەتە بەدواچوون بۆ ئەو کارە بکات، گرفتی ئێمە نەبوونی کۆنترۆڵی جۆرییە، ئەگەر کۆنتۆڕلی جۆری هەبێت، دەتوانرێت ئەو باروودۆخە کۆنترۆڵ بکرێت، هەموو جارێکیش کە لەگەڵ حکومەت دانیشتووین باسی دامەزراندنی دەزگای کۆنترۆڵی جۆریمان کردووە".

دوای ڕووخانی ڕژێم و دانانی یاسای وەبەرهێنان و پەسەند کردنی یاسای ناوبراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرفەتی زیاتری لەبەردەم کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان خۆشکرد، کە کاری وەبەرهێنان بکەن، بەمەش ژمارەی کۆمپانیا ناوخۆو بیانییەکان ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بووندان، بەپێی قسەی فیدائەددین گەردی تەنیا لەژووری بازرگانی هەولێر ناوی ١٦٠٠ کۆمپانیای ناوخۆ تۆمار کراوەو ٥٥٠ کۆمپانیای بیانیش ناویان لەبەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی سەر بەوەزارەتی بازرگانی حکومەتی کوردستان تۆمار کراوە.

فیدائەددین لەبارەی جۆری کۆمپانیاکان دەڵێت "پێشتر زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی ناویان لەلای ئێمە تۆمار کرابوو کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی بوون، بەڵام ئێستا کۆمپانیاکان جۆراوجۆرن، کاری ئێمەش تەنیا تۆماری کردنی ناوی کۆمپانیاکانە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ناوی کۆمپانیاکان دووبارە نەبێتەوەو پارێزگاری لەناوی کۆمپانیاکان بکەین".

بەپێی یاسای ١٢ی ساڵی ١٩٩٧ کە لەسەردەمی بریمەر هەموار کراوە، هەر بەڵێندەرێك سەرمایەی یەك ملیۆن دینار بێت مافی دامەزراندنی کۆمپانیای هەیە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا ئەو یاسایە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات و، بەپێی بڕیاری ژمارە ١ی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار دراوە کە ئەو سەرمایە لە ١ ملیۆن دینارەوە بکرێتە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش دوای ئەوە هات کە ژمارەیەك کۆمپانیا بەهۆی نەبوونی سەرمایەی پێویست پرۆژەکانیان دوادەخست.



ساڵح قادر

Salih_liberal
@yahoo.com